# شێوازی مۆسیقا

ئەنوەر قەرەداغی

**سەرەتا :**

گەر بە باشی و ووردی بمانەوێ گوێیەك بۆ گۆرانی و مۆسیقا کوردیەکانمان شل بکەین ، بەو مەبەستەی لێی بکۆڵینەوە ، ئەوا ئەمکارەمان وەك پێویست بەسووك و ئاسانی بۆنایەتەدی و خۆی نادات بەدەستەوە ، گەر ئەو گوێ گرتن و لێکۆڵینەوەیە لەسەر شێوازی گۆرانی و مۆسیقاکانمان و توانای گۆڕینی ئەوشێوازانە نەبێ ، ئەمەش بەپێی پێویست و دراوەکانی ژیانی هاوچەرخمان لەڕووی پێشکەوتنی زانستی مۆسیقاو برەوپێدانیو گۆڕانی ئامێرە مۆسیقا کۆن و نوێکان لەبەکارهێنانیان و شێوەی ئەو بەکارهێنانەو تێکەڵاو کردنی بەگۆرانی نوێ‌وکۆن ، لەمانەش گرنگتر پەیوەندی ئەم لایەنەیە بەباری ژیانی کوردەواری‌یەوە لەهەموو ڕووەکانیەوە . لەبەر ئەمە زۆر پێویستە بەووردی و باشی و فراوانی گوێ لەهەموو بەرهەمێکی نوێ بگرین ، بەپێی توانا لەڕووی تیوری و پراکتیکیەوە هەڵیسەنگێنین ، چونکە ئەوگۆرانی و ئاوازو مۆسیقا دانراوانە هەموویان کەلەلایەن هونەرمەندانێکەوە دائەنرێن و لە لایەن کۆمەڵە هونەرمەندانێکەوە پێشکەش دەکرێن و چەند کارێکی هونەری تری تێکەڵ ئەبێ ، میللەت دەبێتە خاوەنی و پێوەی دەبەسرێتەوە . لە ڕێی ئەو میللەتەشەوە تێکەڵ بەسامانی هونەری مرۆڤایەتی دەبێ هەر لەبەر ئەمەشە کەزۆرپێویستە هونەرمەند لەکارەکەی‌دا باش قاڵ بووبێ . چ‌لەڕووی پراکتیکیەوە چ لەڕووی تیوریەوە ، پاشان ئەوەشی کەپەیوەندی بەهونەرمەندو کۆمەڵەکەیەوە هەیە بیزانێ ، هەروەها بزانێ چۆن ئەو بەرهەمە هونەری‌یەی پێشکەش دەکات بەجۆرێکی‌وا کەبەباشی بچێتە هەست و دەرونیانەوەو چێژی لێ‌وەربگرن .

**« مۆسیقاو گۆرانی دانان »**

گەرجارو بار هەندێ کاتمان تەرخان کەین و گوێیەك شل بکەین بۆ مۆسیقاو گۆرانی میللەتانی جیهان .... هەست ئەکەین کە شێوەی ئاوازەکانیان جیاوازیەکی ئاشکرای تیا بەدی ئەکرێ .. ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ خاسیەت کە تایبەتە بەو میللەتە ، وەك ( سروشت و نەریتی ئەو میللەتەو جوگرافیای ئەو ناوچەیە ، مێژوو کارتێکردنی شارستانیەت لەسەر بوارەکانی ئەو کۆمەڵە وەك لایەنی رامیاری ، ئابووری ، کومەلایەتی ، ڕۆشنبیری ) ... هتد .. ئەمانە هەمووی کارێکی ڕاستەو خۆی هەیە بۆ دەست نیشان کردنی شێوەی دەرەوەو ناوەوەی ئاوازەکانیان ... بۆنموونە ... ئەتوانین بە ئاشکرایی لەمۆسیقاو گۆرانی کوردی و عەرەبی و هیندی و فارسی و تورکی و هەنگاری و ڕوسی ...هتد

.. ئەمە بەدی بکەین لەگەل ئەمانەش‌دا کاتێ مۆسیقارێك یان ئاوازدانەرێك خەریکی کارێکی هونەری دەبێت پێویستە هەندێ خاڵ هەیە فەرامۆشی نەکاو بزانێ چی‌وائەکا لەبەرهەمەکەی کەسەرکەوتوو بێت‌و کاریگەر تربێت لەناو میللەتەکەی‌داو تەنانەت لەدەرەوەی میللەتەکەشی‌دا . ئەو خاڵانەش ئەمانەن .

١ – پێویستە دانەر بیری (فکرة) ی ئاوازەکەی دەست نیشان بکات . ئەشێ هەمووکەسێ فکرەی ئاوازێك یان مۆسیقایەکی بەبیردابێت بەلام گومانی تیانیە کەئەم فکرەیە لەیەکێکەوە دەگۆڕێ بۆیەکێکی‌دی بەپێی پلەی ڕۆشنبیری گشتی‌و هونەری ئەو دانەرە جاری وا هەیە ئەوفکرەیە لەشێوەی ئیقاعەوە دێتە بیرو هەستی ئاوازدانەرەکە ، یان لەشێوەی وتنێکەوە ، یا لەدەنگێکی سروشتەوە (ئیلهام) ی بۆدێ .. یان دەگونجێ لەپڕ بەبیری دانەردا فکرەیەکی کورت‌و بچووك بێت ..

2 – پلەی ڕۆشنبیری‌و زانیاری هونەری ... لێرەدا پلەی ڕۆشنبیری وزانیاری هونەری دانەر ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینێ لە بەڕێ کردنی فکرەی سەرەتایی دانەرەکە ، کە ڕووتووش کردنێکی هونەری‌و زانیاری فکرەکەیە بەجۆرێ بیگونجێنی لەگەڵ ئەو قالب‌و شێوەی کە دەیەوێ بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە دانەر یان دابەش‌کەر شارەزاییەکی زۆر باشی هەبێ لەچۆنیەتی دانان‌و دابەش کردن واتە (تالیف وتوزیع) کەئەمەش بەدەوری خۆی پێویستیەکی باشی بەشارەزایی تەواو هەیە لەڕوی تیوری‌و پراکتیکی لەمۆسیقادا . ئەم دووهەنگاوەی کەباسمان کرد بەتایبەتی لەهەنگاوی یەکەمدا ، چەسپ‌کردنی مۆرك‌و (طابع) شێوە دەوری خۆی بەباشی ئەبینێ لەو ئاوازەی کەدێتەدی ، ئەویش بە شارەزابوونی دانەر بەو خاسیەتانەی کەلەناو میللەتەکەی‌دا هەن ... واتە ژیانی لەگەڵ هەست‌و نەستی میللەتەکەی لەهەموو ڕوویەکەوە . گەر پرسیارێك هاتە پێشەوە بەم شێوەی کە دەڵێ (ئایا ئاوازیان مۆسیقادانان) چی‌یە ؟ .. لە وەلامدا بۆئەم پرسیارە ئەڵێین : ـ بریتی‌یە لەئاوازدانان بەئەندازەیەکی زەمانی دیاری کراو کەلەسەر دەنگەکان‌و وەستانەکانی موسیقایە ، بۆ پارچە هۆنراوەیەك ، یان‌دانانی ئەودەنگە دیاری کراوانە بە کاتێکی دیاری‌کراو بەئەندازەیەکی زەمانی بۆ چەند ئامێرە موسیقایەك کەدەست نیشان دەکرێ‌و پێشکەش دەکرین .

هەروەها بریتی‌یە لەدابەش کردنی دەنگی ئاوازەکە بەسەر بەشەکانی هۆنراوەکە لەسەر ئیقاعێکی ڕێك‌و پێك بە شاراوەیی یا بەدیاری کراوی . پارچەیەکی مۆسیقاش ئەو دەنگ‌و وەستانە ڕێك‌و پێکانە دەردەچێ ، لەگوێ‌بیسەران‌دا ئاوازێکی خۆش بداتەوە ، زیاتر ئەو دەنگە دەچێتە هەست‌و دەرونیان وایان لێ‌دەکا لە گەڵیا بژین .. یان ئەو هەستەیان لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر بگۆڕێ .

گومانی تێدانیە کەئاواز دانان کارێکی هەروا سووك‌و ئاسان نیە ، هەرچەندە یەکێك زاناو لێ‌هاتوو بێت لەزانستی فیزیك یان ماتماتیك یا هەرزانستێکی‌تر ، وەیا گوێ گرێکی مۆسیقابێ‌و چێژی لێ‌وەربگرێ ، ناتوانێ ئاوازێکی ڕێك‌و پێك دابنێ بۆ هۆنراوەیەك یا پارچە مۆسیقایەك چونکە ئەم جۆرە کارە هونەریە پێویستی بەتوانایەکی دەرونی تایبەت هەیەو لەخۆی‌دا سروشتێکی خوا کردەو بیرکردنەوەیەکی خێراو لێکۆڵینەوەیەکی ووردی هەموو پارچەی ئاوازەکەی دەوێ ، ئەمەش بەڕێژەیەکی تایبەتی لەباری دەنگی ئاوازو وتنی‌و ریتم‌و کاتی‌ئیقاعی (Tempo) . گەر هاتوو هەرئاواز دانەرێ یان هەر گۆرانی بێژێ هەستی بەو خاڵانە کرد لەبۆ دەربڕینی هەر ئاوازێك‌و لەسەر بناغەی زانستی هەوڵی فێر بوونی لایەنی تیوری‌و پراکتیکی‌داو بەراوەیەکی باشی کرد لەم ڕووەوە ، ئەوا لەو بەرهەمەی کەپێشکەشی ئەکا ئاوازبێ یامۆسیقادانان زۆر بەتاسەوە گوێ‌گر گوێ‌ی شل دەکا بۆ ئەو دەنگە مۆسیقایانەی کەلەو ئامێرو قوڕگی ئادەمیزادەوە دەردەچێ‌و دەچێتە دەروونیەوەو هەستی دەبزوێنێ‌و ئاشنای دەبێ‌و لەگەڵیا دەژی .

### ئاوازی فۆلکلوری

وەك باسی ئاواز یان مۆسیقا دانان دەکەین بالایەکیش لە (مۆسیقاو ئاوازی) گۆرانی فۆلکلۆری بکەینەوە چونکە ئەم بابەتە بەشێکی زۆر گەورەو گرنگی گرتوو بنچینەیەکی سەرەکیە لەلایەنی هونەری مۆسیقای هەموو میللەتان ، بەتایبەتی میللەتی کوردمان .

هەر وەك دەزانین گۆرانی‌و مۆسیقای فولکلۆریمان کە لە

-یر زەمانەوە لەمەوبەر هەتا ئیستا بۆمان ماوەتەوەو لەبەر کراوەو دەماودەم گەیشتووەتە ئیمە ، ئەویش لەبەر سووکیو ئسانی هۆنراوەی لەبارو گونجاو وئاوازو مەبەستەکەی بووە ، هەر لەبەر ئەم ئاسانییەی لەلایەن گوێ گرانییەوە خێرا چێژی لێ وەرگیراوە هەتا رادەی لەبەرکردن ... هەر بەو جۆرەش دەماو دەم بۆمان ماوەتەوە بەو جۆرەی ئەو کەسە ەبەری کردووەو بەو شێوەی کەبۆی ووتراوە ، چ بەراستیو وتێتی یان بەناتەواوی ، بۆتە بەشێکی گرنگی سامانی کەلەپوری میللەتو شێوازی ئەمهونەرە پشتاو پشت هاتووە گەیشتووەتە نەوەی ئێستامان . بەلام ئەوەی کە پێویستە لەبەر چاو بێت ئاواز هەمیشە زیاتر لەهەستا دەمێنێتەوە لەووشەی هۆنراوە واتە لەبەرکردنی چەند دەنگێکی مۆسیقا کەلەسەر ئاوازێك رێك خرابێو بەئیقاعێکی گورج ! رێكو پێك ئاسانترو پتر لەهەستا دەمێنێتەوە لە لەبەرکردنی هەندێ چیرۆك یان هۆنراوەی درێژی گۆرانی ، واتە زۆر جار ووشەی ئاوازەکەی بیرچووە یاووشەیەکی تری بۆ هێناوەو بەهەمان ئاواز ووتوویەتی . نموونەش زۆرە لەوانە چ لەدەنگی گۆرانی بێژە کوردەکانمان یا لەدەنگی زۆر بەی گۆرانی بێژە میللیەکانی تر . یەکێك لەو گۆرانی بێژانەی کە دەست نیشانی دەکەین ( ئاوازی حەیرانەکانی هونەرمەند رەسوڵ گەردی یان هەندێ لەمەقامەکانی هونەرمەند محمد عارف جەزراوی ) هەموویان یان هەندیکیان لەسەر هەمان ئاواز ووتراوە بەلام هەریەکە لەوگۆرانیانە ووشەیەکی جیاوازی هەیە ، یان هەندێ بەستەی فۆلکلۆری هەن وەك گۆرانی ( کوێستانان خاڵ خاڵ ، کەتان کەتانە ، شایییە زەماوەندە .. هتد ) کەدەست پێ کردنی هۆنراوەی ئاوازەکە یەك شتە بەلام بەشەکانی تری هەر گۆرانی بێژە هاتووە هۆنراوەیەکی تری لەگەڵدا ووتووە کەجیاوازە لەویتر . ئەم نموونا نەش ئەوە دەگەیەنن کەکاری ئاواز لەمۆسیقاو گۆرانیدا زیاتر دەمێنێتەوە ئەمەش بەتایبەتی لەئاوازە فولکلۆرە میللیەکاندا بەدی دەکرێ . نموونە (1) . بەواتا یەکیتر دەتوانین بڵێین کەبەزمو سۆزی ئاواز لە گۆرانیەکدا پتر لەهەستو دەروونا دەمێنێتەوە لە ووشەکانی هۆنراوەی گۆرانیەکە . ئەو بەزمو سۆزەش ئەو بەر ئەنجامەیە کەهەموو گۆرانی بێژێ یا مۆسیقاژەنێ هەوڵدەدا جەماوەری حەزکەران یان ئارەزوو مەندانو گوێ گرانی گۆرانیەکە پڕجۆشو خرۆش بکاو هەستیان ببزوێنێ ئەمەش بەدرێژکردنەوەی هەندی دەنگ یا هەندێ ووشە یاخود رستە بەشێوەیەکی تایبەت بەجۆرێکی وا بگونجێ لەگەڵ ئیقاعی ئەو ئاوازەی کەئەیچڕی . بەبەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی چینی دەنگی گۆرانی بێژوو مۆسیقا بەهێواشیو بەتوندی بچێتە گوێی بیسەرەوەو هەستیو دەروونی لەبارێکەوە بگۆرێتە بارێکی تر .

## داهێنانو رەسەنایەتی مۆسیقا

زۆر شتێکی روونە کەچاکیو باشیو خۆشی مۆسیقاو گۆرانی تەنها بەزۆریو رووی دەرەوە نابێ ، ئەمەش نەك بەتەنها بەسەر مۆسیقاو گۆرانی بەڵکو بەسەر هەموو لایەنەکانی تری هونەریشدا ئەچەسپێ .. لایەنێك لەو لایەنانەی کە ئەو هونەرە دەخاتە دەرونی ئادەمیزاد لایەنی ( رەسەنایەتیو جوانکاریو داهێنانە ) واتە مەبەستمان لە (اصالەوابداع ) ە چونکە ئەم دوو لایەنە گرنگە کاری جوانتر دەخەنەوەو بیری تازەی تریان لێوە دەردەچێ ، ئەم بیر کردنەوەیش تەنانەت لەهەموو کارێکی هونەری تریشدا پێویستە رەچاو بکرێ . مۆسیقا لەخۆیدا دەرگای (داهێنان) ی تیا خراوەتە سەرپشت ، بەلام ئەوەی کەگرنگە چۆنیەتی گەیشتنە ئەم دەرگایەو بەکارهێنانیەتی بۆ خزمەتی کۆمەڵگای کوردەواریمان .

بەهەموو بەرهەمێکی نوێ ناتوانین بڵێین (داهینان) چونکە ئەمە پەیوەندی بە ناوەرۆكو شێوەی کارەکەوە هەیە ، زۆر جار رووی داوە کە بەرهەمێکي هونەری مۆسیقا ئەبیستینو هەست ئەکەین لە ناو کۆمەڵدا بڵاو دەبێتەوەو رەواجێکی باشیان ئەبێو بەئاسانی لەبەرئەکرێنو دەچێتە هەستو دەروونی گوێ گرانیەوە ، ئەمەش ئایا لەبەر ئاوازەکەیەتی یا لەبەر لێدانی ئەو ئاوازە ، یان ئەوکەسانەی لێی دەدەن ، یالەبەر ووشەی ئاوازەکەیە ، وەیالەبەر یادگارێکی خۆش لەگەڵ ئەو ئاوازە وشتێکی بیر دەخاتەوە .. هتد .. بەرهەمێك گەر بەو جۆرە بێت کەباسمانکرد ، مانای ئەوە نیە کە (داهێنان) ی تیایە . چونکە لەوانەیە ئەو هەڵسەنگاندنە هەڵسەنگاندێکی قەوارەی دەرەوەی ئەو ئاوازە بێت نەك لایەنەکانی تری لەبەرئەوە بۆ لێ دوان لەم روانە دەتوانین دوو لایەنی گرنگ دەست نیشان بکەین بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمێك .

(1) زۆر دەگونجێ کەپلەی ڕۆشنبیریو ژیانی ئەو کۆمەڵەی کە ئەو بەرهەمە هونەرییەی تیادا پەیدا دەبێ لەهەموو ڕوویەکەوە وەك پێویست نەتوانی هەڵ سەنگێنێ یان بینرخێنێ چ لەڕووی تێکەڵاو بوونیەوە لەهەستو دەروونیدا یان لەڕووی تەکنیکییەوە یان وەك پێویست مافی خۆی بداتێ کەشایانیەتییا دەتوانین بڵێین لەوانەیە ئەو کارە هونەرییەی پێشکەش دەکرێ بێکەڵك بێ لەڕووی هونەریو ناوەڕۆکییەوە

(2) جاری واش هەیە کارێکی هونەری بەرز لەهەموو ڕوویەکەوە کەوا داهێنانێکی تیایەو بەرهەمێکی زۆر نایابە لەهەموو ڕوویەکیەوە بەڵام ئەو کۆمەڵەی کە ئەو بەر هەمەی تیا پەیدا بووەبەلایەوە خۆشنیە وە لەگەڵیا ڕەنگ دانەوەینیە .. لێرەدا ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەئەو بەرهەمە خراپبێ ... زۆر دەگونجێ ئەوە بگەیەنێ کەئەو هونەرمەندەی ئەو بەرهەمە هونەرییەی دروست کردووە پێش بیرکردنەوەی کۆمەڵەکەی کەوتبێو ڕۆشنبیریو کار لێکردنی دەروونیو هەست کردنی بە لایەنە ووردەکانی جوان کاری زیاتربێ لە بیرکردنەوەی ئەو هونەرمەندەدا وەك لەبیرکردنەوەی گشتی کۆمەڵەکەی ..یان دەتوانین بڵێین . ئەشێ کەتەمەنی ڕۆشنبیریو ئاستی بیرکردنەوەی هونەرمەندەکە پێش بیرکردنەوەی کۆمەڵەکەی کەوتبێ ... لەبەر ئەوە ڕەنگە لەو کاتەدا ئەو بەرهەمە هونەرییە وەك پێویست بڵاو نەبێتەوەو زۆر گوێی بۆشل نەکریو وەك پێویست چێژی لێوەر نەگیرێ .. هەتا ماوەیەك ئایا زۆربێ یاکەم .. پاشان هەڵئەسەنگێنریو ئەنرخێنرێ و لایەنە جوانکارییەکانی دەست نیشان دەکرێ ... نموونەش لەم بابەتە لەجیهاندا زۆرە لەوانەش بەرهەمەکانی مۆسیقاری مەزن (بیتهوڤن) کە ئەمڕۆ زیاتر لەسەردەمی خۆی بایەخی پێ دەدرێو گەورەییو بیری قوڵی ئەو هونەرمەندە نەمرە نیشان دەدا ئەم هونەرمەندە داهێنانێکی هێنایە کایەوە کەلە دووبارە کردنەوەی بابەتی پێشوی خۆی نەدەچوو بەڵکو بەرهەمێکی هێنایەکایەوە کەزۆر لەبیرکردنەوەی خەڵکی لەهونەرمەنداان و هونەر دۆستان چ لە ڕووی گوێگرتن چلەڕووی کارتێ کردنو بیرکردنەوە گۆڕی . کە واتە (ابداع) هێنانە کایەوەی با بەتێکە لەشێوە ناوەڕۆك و ئەنجامدان بەجۆرێ گورینێکی ناوەڕۆکیبدا بەو شتە بەمەرجێ لایەنە زانیاریەکانیش هەڵ سەنگێنێ .

لەمۆسیقای کوردیماندا خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە ئەبێ ڕەچاو بکرێ ئەویش کاتێ بابەتی (ابداع) ئەهێنینەکایەوە ئەبێ ڕەسەنایەتیمان بیرنەچێو لەداهێنانەکە جیای نەکەینەوە ، چونکە وەك زانیمان کەداهێنان چییە ئەتوانین (ڕەسەنایەتیش) بەو کارە ببەستێنەوە (ڕەسەنایەتیش) لێرەدا هیچ جیاوازیەکی لەڕووی گرنگییەوە کەمتر نیە لەبابەتی داهێنان چونکە ڕەسە نایەتی (نیشان دانی ئەو سیمایانەیە کەلەژیانی نەتەوایەتیدا هەن بەجۆرێ کەبەهەستی ئاواز دەردەبڕین وەك ڕەنگ دانەوەیەکی ڕاستەو خۆی ژیانی نەتەوە لە کارە دەروونیو هەستیەکاندا ) . گەر ئەم دوولایەنەمان ئەنجامداو پێکەوە بەستمانەوە ئەوە گومان نیە لەناوەڕۆکدا هونەرێکی پێش کەوتووی هاوچەرخمان دەست کەوێ ..لێرەدا کەباسی ڕەسەنایەتی دەکەین دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە لەگەڕانەوە بۆ کەلەپوور وگیانی نەتەوایەتیو نیشتمان پەروەریو هەموولایەنەکانی تریش .. تەنها گەڕانەوەیەکی ئاسایی نەبێ بۆدواوە یان شێوە داڕێژراوە فۆلکلۆریەکان بهێنین وەك بێ دەسکاری داینێینەوە و بیدەین بەگوێو چاوی خەڵکا .. نەء .. بەڵکو دەبێ زۆر هۆشیارانەو بە ووریایی خورپە وەربگرینو ڕیبازمان دیاری بکەین بەجۆرێ بتوانین کەڵك لەهەموو لایەنی ئەو فولکلۆرە وەربگرین وە سەرکەوتوانە بیبەستینەوە بەکاری هونەری نوێو هاوچەرخەوە بەوبیرو نرخانەی کەئیستا هەن ، بەخۆیو پێویستییەکانی ئەوقۆناغەوە . بەم شێوە کارکردن لەگەڵ ڕەسەنایەتی داهێنانێکی جوانو باش دروست دەکا ، هەر دووکیان یەك دەگرنو بەرهەمێکی سەرکەوتووو کاری گەریان لێدەکەوێتەوە ، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کەپەیوەندیەکی زۆرتوندوتۆڵو نەپساولەنێوان ( داهێنانو ڕەسەنایەتیدا ) و (کاری هونەرمەند) خۆی هەیە لەڕووی تێگەشتنی هونەری و ڕادەی خەریك بوون لەگەڵ ئەو هونەرەدا ، ئەمەش بەهوشیاری وزانستیانە ، هەر بۆیە ئەم کارە ڕۆشنبیریو توانایەکی باشو بەر دەوامی دەوێ ، دەبێ هەمیشە بەرەو چاككردنو پەرەپێدانی لایەنەکە هەنگاوبنێ لەگەڵ پەرە پێدانی هونەرمەند خۆی .

هـەلو مەرجی داهێنـان پەیـوەندیـەكی ئۆرگـانی (عضوی) نـەپساوی بـەڕووداوەكانی ژیـانو زروف قۆنـاغەوە هـەیە ، هێنانەدی ئەم مەرجەش دەرگایەك دەخاتە سەر پشت بۆبلاو كردنەوەی بەرهەمی هونەری . ئەمەش لەخۆیدا سیفەتێكی گرنگ دەداتە هونەرەكە كـەدەبێ لەمێژوی هـونەریدا بـاس بكرێو گەشەو پەرەسەندنی ئەوسەردەمە بنوێنێ كە تیا سەری هەلداوە ، یان ئەوڕووداوە هونەریانەی كەلەكـاتی خۆیـاندا بەرپا بـوونو بەجـۆرێكی ئەوتـۆ كارە (داهێنـانەكـە ) خۆی نواندبێ لەناو ئەو ڕووداوانەداو بتوانێ جموجۆلیەك بخاتە ئەو ڕووداوە هونەریو نەتەواییانەی كەپەیدا دەبنو بەقولی كاری خۆی تێبكا .بەڕایەكی ڕاستـەو خۆ دەلێم هـەلسەنگـاندنی مۆسیقاو گۆرانی كوردیمان تاڕادەیەكی زۆر هەلسەنگاندنێكی (عاطفي) یەو لەلایەنی زانستیەوە دوورە . ڕەنگە ( لەبەر هەر هـۆیەك بێت ) ڕای ڕاستـەو خۆ دەربیـڕین لەسەر هـەنـدێ بەرهەمی هونەری كەلەوانەیە بەئاوازێكی ڕەسەنو داهێنانێكی هونەری دابنرێ لەسەر ئاوازو مۆسیقای كوردیو بكرێ بەمال بەلام وەهاش نەبێ لەڕاستیدا ، ئەمە لەخۆیدا یەكێكە لەوهۆ سەرەكیانەی كەكارێكی ئەو تۆی كردوە كەمۆسیقای كوردیمان لەپلەیەكدا بیهێلێتەوەو وەهای لێ بكا زیاتر نەچێتە پێشـەوەو

لەسنووری وولات نەپەڕێتەوە ... جگە لە هەندێ لایەنی تر گەر درێژەی پێبدرێ ئەوا بواری باسەكە لەڕێبازی تەنگاو لادەداو خۆی دەهاوێژێتە ناو گێژاویەكەوە كە پێویستی بەلێ كۆلینەوەو شیكردنەوەی زۆرتر دەبێ . كەواتە هەلسەنگاندن نابێ هـەر تەنها یەكلایەن بكرێ بەلكو دەبێ ڕوویەكی فـراوانی هەبێو بتوانێ گوێ بۆ بیروراو بۆچونی یەكتری وەك پێویست بێو چاك و خراپی لێ دەست نیشان بكرێ بێئەوەی لەتوانای هونەری هەر كارە هونەریەككەم بكرێتەوە ، ئەمەجگـە لەلێكدانـەوەی لایـەنی پراكتیكیو تیـوری لەو هەلسـەنگانـدنـەداو ئـەوەی پەیوەندی بەو بەرهەمەوە هەیەو هەروەها پەیوەندی بەبابەتی ئەوكارە هونەریەوە بۆئەم مەبەستەش پێویستە لەچەمكی كاری هـونەریو شـارستـانیـەت بـاش تێبگـەین تـاكـو ڕەخنـەو هـەلسەنگـاندنـەكانمـان لا دیاریبێ ، ئـەمـەش لەپێنـاوی هێنانەدی بەرهەمێكی تازەو جوانو ڕەسەنی وەهادا كە بەباشی بچێتە هەستو دەروونی خەلكیو كار لەناخی نەوەی داهاتوو بكـاتو نەوەی نـوێ بتـوانن بیكـەنـە سـەر چاوەی كـاری داهاتوویان .. هەر بـەم جۆرەش دەتـوانین ئـالای هونـەری كوردیی ڕاستەقینە هەلكەینو لەلاپەڕەكانی مێژووی هونەری كوردیدا ووشەی ڕەسەنو داهێنانی نوێ تۆمار بكەین .

